**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**بڕیار**
**ژمـــارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (دەیەم) لە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەمواركراو و پاڵپشت بە یاساکاریی پەرلەمانی کوردستان کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٤)ی رۆژی ٢٠٢٢/١١/٢٩ کردوویەتی، بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٢٢**
**یاسای هەمواری پیادەکردنی یاسای بەڕێوەبردنی ئەوقافی عێراقی**
**ژمارە (٦٤)ی ساڵی ١٩٦٦ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان - عێراق**

**ماددەی (١):**

پیادەکردنی خاڵی (٢) لە ماددەی (٢)ی یاسای بەڕێوەبردنی ئەوقافی عێراقی ژمارە (٦٤)ی ساڵی ١٩٦٦ی هەموارکراو، هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

٢- وەقفی پاشکۆ، لە کاتی نەمانی لە ئەستۆگرتنی یان دەستپێکێشانەوەی لە ئەستۆکراو، بە بڕیارێکی ئەنجوومەنی لێپرسینەوە یان دادگای باری کەسی، و لە بەرامبەر بەڕێوەبردندا بڕی (٣٥٪) سی و پێنج لە سەدی کۆی گشتی داهاتەکە وەردەگرێت.

**ماددەی (٢):**

پیادەکردنی خاڵی (١) لە ماددەی (٤)ی یاسای بەڕێوەبردنی ئەوقافی عێراقی ژمارە (٦٤)ی ساڵی ١٩٦٦ی هەموارکراو، هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

١-

أ- دیوان چاودێری وەقفە پاشکۆکان دەکات، لە لەئەستۆگرانی دەپرسێتەوە، لەبەرامبەردا (٣٠٪) سی لەسەدی کۆی گشتی داهاتی هەر وەقفێک وەردەگرێت، و لە کاتی گۆڕینی وەقفکراو بۆ موڵک لە ڕێگەی سەرپێچی و زێدەڕۆیی سکاڵا بەرزدەکاتەوە.

ب- دیوان بە مەرجێک بڕی (٣٠٪) سی لەسەدی کۆی گشتی داهاتی هاتوو لە خاڵی (أ) وەردەگرێت، کە لەدوای جێبەجێکردنی مەرجەکانی وەقفکار بڕەکە لە نۆژەنکردنەوەی مزگەوت و حوجرە و قوتابخانە ئیسلامییەکاندا خەرج بکات.

**ماددەی (٣):**

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٤):**

کار بە دەقی هیچ یاسا یان بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک بێت.

**ماددەی (٥):**

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچوواندن**

بەمەبەستی ڕێکخستنی داهات و خەرجییەکان لە وەقفە پاشکۆکان، و بەکارهێنانی بۆ خزمەتکردنی مزگەوت و حوجرە و قوتابخانە ئیسلامییەکان بە مەرجی لەبەرچاوگرتنی مەرجەکانی وەقفکار، ئەم یاساییە دەرچووێندرا.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**
**٢٠٢٣/٢/٥**